www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-10-2006 12:48

## کام ڕیفۆرم و کام گۆڕانکاری؟! ... محمد سیاسی ئەشکەنەیی



لەسەرەتای دروست بوونی (ی، ن، ك) دا، یەکێتی بەپی ی نەریتی سەردەمانەی لە کاری حیزبی و سیاسیدا بەدەنگێکی نوی، لە سەردەمێکی زۆر هاڵۆز هاتە بوون و دروست بوون، کە لەگەڵ ئەوەشدا هاوبەندی نێوان سی رێکخراوو بوو، بۆیە هەردەم هەوڵی داوە ناوەڕۆکی هەموو مەسەلە تایبەتمەندییەکانی خۆی بە پی ی سەردەمیانە تەماشا بکات و لەگەڵیان بڕوات، ببێتە خاوەنی ئەو گۆڕانکاریەی کەئێستا هەیە و هاتۆتە دروست بوون، بۆیە دەمەوی بڵێم:وەك چۆن یەکێتی لە سەرەتادا هاوبەندی سی ڕێکخراوو بوو، لەرێکخراوەوە یەکی گرت و بوو بەو باڵە گشتیەی کە ئێستا هەیە، گرەوی سەرۆکایەتی لەگەڵ جیهان دەکات، ئەو پێشمەرگەیەی لە گوندەکانی شێنی و ناوزەنگەوە دەیەویست ببێتە ئەو سەرۆك کۆمارەی کە ئێستا هەیە و سەرۆکایەتی هەموو کەمینە نەتەوەییەکان دەکات لەعێراق بی جیاوازی رەگەزایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تەمەنی گەنجێتی خۆی لەپێناو کوردا پیر کردوو توخوا ئێستا نابێتە کوفر کەسانێك هەبن و بیانەوی بەناوی ریفۆرم و چی و چی خەڵکانێك قوت بکەنەوەو سوکایەتی بەوێنەکانی بکەن و لەلای خەڵك وا بڵاوی بکەنەوە کە جەنابی مام جەلال پەیوەندی بە کوردستان وەنەماوەو تەنها کوتلەچیەکان خاوەنی ئەو وولاتە قەزاو قەدەرەبن، کە ئێستا ئەوانە بەسەریان هێناوە و بەکەیفی خۆیان یاری بە موقەدەساتی مرۆڤبوونمان دەکەن و لەملاو ئەملا نانمان ئەبڕن و تووهمەی نەبومان ئەدەنە پاڵ و ئەمانکەن بە جاسووس و دەزگا هەواڵگریەکانی ئەملا و ئەملا کەسیش نیە بپرسێتەوەو بڵی ئەری چۆن تەسەوەڕتان کردو ڕێگاتان دا بەو خەڵکە نەفس نزمانە پڕوپاگەندەی ئاوها بلاو بکەنەوە و بڵێن مام پەیوەندی بێرەوە نەماوە، بە چ پێوانەیەك ئەم قسانە کران لە دوارۆژدا کی بەرپرسیاری ئەم قسانەیە، من دەڵێم گەر گۆڕانکاری و ریفۆرم ئاوها بی بە قسەی پاشەملەو لای نەخوێندەواران بی، من قەت بەئەوە ناڵێم ڕیفۆرم و گۆڕانکاریش ئەوها دروست نابی، هەرلایەنێکی سیاسی گەر بیەوی پێش بکەوی، گەر بیەوی سەرکەوتووبی لەکاری حزبی و سیاسی دا، دەبی بەشێوەیەکی هێمنانەو دوور لە توندو تیژی هەنگاو بنی و بە گیانێکی سەردەمانە بۆ مەسەلە کان بڕوات، نەك ببێتە هۆی توندوتیژی و شەڕەنگێزی وەکو لەچەند ناوچەیەکی کوردستان ڕوی دا و خەڵکانێکی بی تاوان بوونە کۆچی قوربانی توندوتیژیەکان، خەڵکانێکیش دەرچونەوە زیاتر بوونە سەرچاوەی گەندەڵی و نەهامەتیەکان؟ چونکە هیچیان پی نیە و لە کۆڕێك و کۆبوونەوەیەکدا ناتوانن سەعاتێك قسە بکەن و وتار بدەن تەنها بۆ هەوادارەکانیان دەست لەسەر ئەژنۆو ئەچەمنەوەو ئەوەستن، چونکە گەر وا نەکەن ئیتر جارێکی کە ناچنە سەر ئەو کورسیەی کە خەونیان پێوە ئەبینی، بۆیە ریفۆرم قەت ئاوها ناکری و گۆڕانکاریش ئاوها دروست نابی، چونکە هەموو ئەوانەی ناوی خۆیان ناو ناوە ڕیفۆرم گەر نوسینێکیان لەسەر بنوسری و ڕەخنەیان لی بگیری، ئیتر ئەوان بەچەك وەڵامی ئەدەنەوە، دەچن سوکایەتی پی دەکەن، یان ناوو ناتۆرەی خراپی ئەدەنە پاڵ و لەلای دەسەڵات بە خراپی دەیهێننە بەرچاوان، تاکو دەسەڵاتیش وەك ئەوانی لی بی!جا ئیتر گۆرانکاری چۆن دروست ببی؟ کە هەموو نوسەروو ڕۆژنامەنووسەکان بۆیە ئەنوسن تاکو دیاردەکان بخەنە ڕوو تاگۆڕانکاری دروست ببی کەچی بە توهمەی جۆراو جۆری بی بنەما دەیانخەنە زیندانەوە یان بە شێوەیەکی سیاسیانە نان بڕاویان ئەکەن کە ئەمەش شەڕی ژیانە لەگەڵمان دەکری؟!چونکە هیچ مرۆڤێك بی هاوکاری ئەوانی ترو

تەبایی ئەوانی تر ناژی، کە مەسائیلی ژیان پێویستە بۆ هەموو مرۆڤێك جا کەواتە نان بڕین و دوور خستنەوە لە کاری ڕۆژانە ناتوانی نوکی خامەو قەڵەمی نەترسی ڕۆژنامەوانیمان بترسێنی و لەکاری بکەوێنی، بۆیە نەنان بڕین و نەگرتن و نەتوندوتیژیەکان ناتوانن ببنە خاوەنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ناو نراوە ریفۆرم، بۆیە ئەڵێم کام گۆڕانکاری و کام ریفۆرم، بەو پێوانەیە چۆن یەکێتی پی ئەنێتە ناو گۆڕانکاری تازەو سەردەمانەو جارێکی تر ئەبی مۆدێرنتر ببی!؟